
# لە ساڵی ٢٠١٢ لە هەفتەدا جارێک لاپتۆپەکەت شەحن بکەوە



کۆمپانیای ئەپڵ ماوەی دوو ساڵە واتە لەساڵی2010ەوە هەوڵ دەدات کە بۆ دابینکردنی وزەی پێویست بۆ لاپتۆپ و تەبلێتەکان گۆڕانکارییەکی نوێ بێنێتە دی، بەجۆرێك لەیەك هەفتەدا تەنیا جارێك لاپتۆپ و تەبلێتەکەت شەحن بکەیەوە.

بەم مەبەستە لەباتری هیدرۆژینی بچووك و سووك کەڵك وەردەگرێ، چونکە شەحن کردنەوەیان ئاسانترە. ئەم باترییانەی کە ئەمڕۆ لەسەر لاپتۆپ و تەبلێتەکانن تەنیا دەتوانن سێ هەتا پێنج کاتژمێر وزەی پێویست لەخۆیاندا رابگرن، بەداهێنانی تەکنۆلۆژییەکەی ئەپڵ ئیدی گرفتێکی گەورە لەجیهانی لاپتۆپ و تەبلێتدا نامێنێ.

## دژە ڤایرۆسێکی تایبەت بە فلاش میمۆرییەکان



ئێستاکە فلاش میمۆری گرنگترین ئامرازی هەڵگرتن و راگواستنی داتاکانە، بەڵام گرفتێك کە لەفلاش میمۆریدا هەیە ئەویش ئەوەیە کە گەورەترین ئامێری گواستنەوەی ڤایرۆسیشە لەنێوان کۆمپیوتەرەکاندا، چونکە ئەگەر کۆمپیوتەرێك ڤایرۆسی لەسەر بێت، بە ئاسانی ڤایرۆسەکە دەگوازرێتەوە بۆ سەر فلاش میمۆری. بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە ئەنتی ڤایرۆسێکی تایبەت بەفلاش میمۆری بەناوی Trus-port USB Antivirus، ئەم ئەنتی ڤایرۆسە هەرکاتێك لەکۆمپیوتەرێکت خست بەرگری دەکات لەو فایلانەی لەفلاش میمۆرییەکەدا هەنە و دەبێتە هۆی ئەوەی کە هیچ گۆڕانکارییەك بەسەر فایلەکاندا نەیەت، نە کۆپی بکرێن و نە تێك بچن. هەروەها جگە لەوەش ئەو ئەنتی ڤایرۆسە دەتوانێت هەر لەفلاش میمۆرییەکەتانەوە ڕا ڤایرۆسەکانی ناو کۆمپیوتەرەکەت بدۆزێتەوە. هەروەها ئەو پرۆگرامە بەتەنیا ئەرکی ئەنتی ڤایرۆس بەڕێوە نابات، بەڵکو فایلە گرنگەکانی ناو فلاش میمۆرییەکەت ئەگەر بتهەوێ قفڵیان دەکات و پاسوۆردیان لەسەر دادەنێت. ئەرکێکی دیکەی ئەو پرۆگرامە ئەوەیە کە هەر فایلێك نیازی سڕینەوەت هەبێ بەجۆرێك دەیسڕێتەوە کە بەهیچ پرۆگرامێکی گەڕاندنەوەی فایل و داتاکان نەگەڕێتەوە.

## کیبۆردێک بۆ گەشتیاران



ئەوانەی بەردەوام لەسەفەردان و دەیانهەوێت لەگەشتیشدا ئەرکی نووسین و کارەکانی دیکە بەئامێرە دیجیتالییە بچووکەکان ئەنجام بدەن، ئەم کیبۆردەی کە بەرهەمی کۆمپانیای Sanwaیە گەلێك گونجاوە، چونکە بەهۆی سیستەمی بلوتوسەوە لەگەڵ گشت ئەو ئامێرانەی کە بلوتوسیان هەیە پێوەند دەدرێ. کیبۆردەکە کە بەSKB-BT14 ناسراوە دەتوانێت لەمەودای 10 مەتر دوور لەئامێرەکەیەوە ئەرکەکانی ئەنجام بدات. باتری کیبۆردەکە لەجۆری شەحن کردنەوەیە و هەتا 70 کاتژمێر شەحنەکەی دانابەزێت. کیبۆردەکە دوو ڕەنگی ڕەساسی و سپی هەیە و هەروەها لەگەڵ سیستەمی کۆمپیوتەری iOSی و ئەو ئامێرانەی ئەو سیتسەمەیان لەسەرە دەگونجێت. کێشی کیبۆردەکە تەنیا 120 گرامە.





# تەبلێتێكی دەگمەن لە كۆمپانیای DELLەوە

تەبلێتیش (tablet) لەجیهانی تەكنۆلۆژیای نوێدا دەبێتە باو و پێدەچێ شوێنی لاپتۆپ بگرێتەوە، لەم دواییانەدا تەبلێتێك لەلایەن كۆمپانیای DELLەوە بەناوی Streak كەوتە بازاڕ، سایزی تەبلێتەكە 10 ئینجە، تایبەتمەندی وەك بوونی یەكەی لێكدەرەوەی Nvidia TEGRA Dual core هەیە كە خێراییەكەی یەك گیگایە. جگە لەوەش سیستەمەكانی وایەرلێسی وەكو GPS، WiFi بلوتوس هەیە. هەروەها شوێنی كارتی میمۆری هەیە، لەگەڵ بوونی كامێرا، وێبكەم، هەستەوەری خێرایی، هەستەوەری ژیروسكوپ..تاد.

سیستەمی بەگەڕخەری ئەو تەبلێتە لەجۆری Google Androidیە. هاردەكەی 16 گیگابایتە. شاشەكەی دژی شوختە. كامێراكەی 5 میگاپیكسلە. سیستەمی دەنگی زۆر بەهێزە لەجۆری ستریۆیە. باترییەكەی 12 كاتژمێر وزەی لەخۆیدا شەحن دەكات.

# سایتی یوتیۆب تایبەت بە قوتابخانەكان كرایەوە

سایتی یوتیوب گەورەترین سایتی دابەزاندن و دانانی گرتە ڤیدیۆییەكانە، لەم سایتەدا هەر گرتەیەكی بتهەوێ دەستت دەكەوێ و بەقەولی كوردی سەری ماری و مێرووی تێدایە. لەم ڕۆژانەدا سایتی یوتیوب بەشێكی تایبەتی بەقوتابخانەكان كردۆتەوە. كە ئەمە ئەدرەسەكەیەتی (http://www.youtube.com/schools) لەسایتی یوتیوب بۆ قوتابخانەكان بەشێكی تایبەتیش بەمامۆستایانە بۆ زیاتر ڕاهێنانیان كراوەتەوە. پێشتر ڕەخنەیەكی زۆر لەو سایتە دەگیرا كە ئەم گرتە ڤیدیۆییانەی لەو سایتە دان بۆ منداڵان ناگونجێن، هەربۆیە بەشێكی تایبەتی بەمنداڵانی قوتابی كردۆتەوە. لەیوتیوب بۆ قوتابخانەكاندا گرتە ڤیدیۆی تایبەت بەراهێنانی جۆراوجۆر تایبەت بەوانەكانیان وەك، مێژوو، جوگرافی، بیركاری...و تاد هەیە. هیچ گرتە ڤیدیۆیەكی ناتەبا لەگەڵ جیهانی منداڵان كە منداڵ بەرەو توندوتیژی هان بدا لەو سایتەدا نییە.



# رۆژنامەنووسان و ریکۆردەرێکی تایبەت

بۆ رۆژنامەنووسێکی پیشەیی هیچ شتێك بەقەد کامێرایەك و ریکۆردەرێك گرنگ نییە، بەڵام ریکۆردەری رۆژنامەنووسی دەبێ جیا بێت لەریکۆردێکی ئاسایی، چونکە دەبێت ئەو دەنگانەی تۆماری دەکات بەکوالیتی بەرزەوە گوێی لێبگیرێ و دەنگە زۆر نزمەکانیش هەست پێبکرێن. کۆمپانیای Olympus بەم دواییە ریکۆردەرێکی نوێی بۆ رۆژنامەنووسان و خوێندکارانی زانکۆ بەرهەمهێناوە، کە بەجۆری LS-100 ناسراوە. ئامێرەکە بەهۆی ئەو توانایانەی تێدایە موزیکژەن و ئۆرگانی مۆسیقاش دەتوانن سوودی لێوەربگرن. مایکی ریکۆردەکە 90 پلەیە و دەنگ بەشێوەی ستریۆ تۆمار دەکات. بەهۆیەوە دەتوانی نزمترین دەنگیش تۆمار بکەی و هەروەها دەتوانی دەنگە زیادییەکان بسڕیەوە. هەروەها دەتوانی خودی فایلە تۆمارکراوەکە بەبێ کۆمپیوتەر هەر لەسەر ریکۆردەکە دەستکاری بکەی. جگە لەوەی فایلەکان لەسەر فلاش میمۆری خەزن دەکات لەکارت میمۆری جۆرەکانی SD،SDHC،SDXCیش سوود وەردە گرێت.




# بەهێزترین کارتی




مانشێتەکەی سەرەوە ریکلامی کۆمپانیای EMDیە بۆ کارتی گرافیکی جۆری Radeon 7970 کە هەتا ئێستا یەکەمین GPUیە لەجیهاندا کە لەترانسیستەری 28 نانۆمەتری سوود وەردەگرێت. ئەم کارتی شاشەیە کە وێنەکەی دەبینن باشترین کارتی شاشەیە بۆ گەیمەرەکان و ئەرکە قورسەکانی گرافیکی. کارتی شاشەکە سێ گیگابایتە لەجۆری GDDR5 لەگەڵ 32 ناوەندی لێکدەرەوە.

کۆمپانیای بەرهەمهێنی ئەو کارت شاشەیە

# لاپتۆپێک دەبێتە ڤیدیۆ پرۆژکتەر



ڤیدیۆ پرۆژکتەر بۆ نیشاندانی سلایدەکان و هەروەها بۆ نیشاندانی فیلمێك کە کۆمەڵێکی زۆر ببینین زۆر گرنگە، پێشتر ڤیدیۆ پرۆژکتەرەکان قەوارەیان گەورە بوو، کەچی ئێستا ئەوانیش وەك زۆربەی ئامێرەکانی دیکە بەرەو بچووك بوونەوە دەچن. کۆمپانیای QP Optoelectronics پرۆژکتەرێکی تایبەتی دروست کردووە کە دەکرێ بڵێین هەتا ئێستا دەگمەنە. پرۆژکتەری Light pad تێکەڵاوێکە لەلاپتۆپ، تەبلێت، پرۆژکتەر. ئامێرەکە پێکهاتووە لەکیبۆردێك و شاشەیەکی 11 ئینجی و ڤیدیۆ پرۆژکتەرێك، بەهۆیەوە دەتوانی هەر شتێك لەسەر ئامێرە دیجیتاڵییەکان هەیە بگوازیەوە بۆ ڤیدیۆ پرۆژکتەرەکە، بەهۆی کێبڵەوە ئامێرە دیجیتاڵییەکان وەك مۆبایل و تەبلێت و لاپتۆپ بەو ئامێرەوە پێوەند دەدرێن و دواتر دەتوانی دیمەنەکانی سەر مۆبایلەکە لەسەر شاشەیەکی 11 ئینجی یان لەسەر دیوار ببینی.

# چاویلکەیەک فیلمەک



تەکنۆلۆژیا بەجۆرێك ئاوێتەی ژیانی رۆژانەمان بووە، کە رەنگە رۆژێك دابێت لایەنی سلبی زۆرتر بێت لەلایەنی ئیجابی و ئیدی مرۆڤ بکاتە دیلی خۆی. چاویلکە مێژووییەکی لەمێژینەی لەگەڵ مرۆڤدا هەیە، پێشتر تەنیا کاری یارمەتیدانی چاو بوو بۆ باشتر بینین، کەچی کە سەیری ئەم چاویلکە دیجیتاڵییە دەکەین، ئیدی تێدەگەین زانست بەکوێدا هەنگاوی ناوە. ئەم چاویلکە نوێیە دەتوانێت وەك شاشەیەکی 50 ئینجی فیلمەکان نیشان بدات. ئەم چاویلکە نوێیە بەناوی ”Virtual display Video Glasses“ە کە بەمانای ”چاویلکەی شاشە ڤیدیۆی خەیاڵی“. لەم چاویلکەیەدا لەبری

# VGA لە جیهاندا




ڕایدەگەیەنێ کە ئەو کارتە وزەیەکی زۆر کەمی دەوێت، هەروەها سیستەمی فێنك کەرەوەشی تێدایە و دەنگێکی کەمتری هەیە بەبەراورد بەکارتی شاشەکانی دیکە.

جێگەی سەرنجە کارتی شاشە ڕۆڵێکی زۆری گرنگ لەکۆمپیوتەردا دەبینێ، بەبێ کارتی شاشە کە بەزمانی زانستییەکەی بە VGA ناسراوە، هیچ کارێك ئەنجام نادرێ و ناکرێ سەیری هیچ وێنەیەك بکەی، کارتی شاشە ڕۆڵی گرافیك دەبینێ، هەربۆیە بەکارتی گرافیکیش ناسراوە.

# گەنجان و سپیکەرێکی تایبەت بەخۆیان




ئامێرە دیجیتالییەکان لەگەڵ ئەوەیدا کە تواناگەلێکی سەرسامهێنەریان هەیە وەك، گوێدان بەمۆسیقی، سەیرکردنی فیلم، تۆمارکردنی فیلم و وێنە، ڕاگرتنی فایل و دوکیۆمێنت...و تاد، بەڵام ئەو ئامێرانە تەنیا گرفتێك هەیانبێت نەبوونی سپیکەری بەهێزە کە بتوانرێت دەنگ بەکوالیتی بەرزەوە بڵاو بکاتەوە. لەم ڕۆژانەدا کۆمپانیایەك سپیکەرێکی خڕی بلوتوسی بەرهەمهێناوە کە بەمۆدێل Satechi BT ناسراوە، دەنگ بەکوالیتی بەرزەوە بڵاودەکاتەوە.

سپیکەرێکە بەهۆی وایەرلەیسەوە پێوەندی لەگەڵ ئامێرەکانی دیکە دادەمەزرێنێ و هەروەها سیستەمی بلوتوسی هەیە، دیزاینەکەی سەرنجڕاکێشە و کێشێکی سووکی هەیە، بەکارەبا شەحن دەبێتەوە لەهەر شەحنکردنەوەیەکدا تا 4 کاتژمێر بەردەوام کار دەکات.

# ـــان دەکاتە سینەمایی

دوو عەدەسە دوو شاشەی جۆری TFT-LCD داندراوە. هەرکە چاویلکەکەت لەچاو کرد هەست بەوە دەکەی کە لەهۆڵێکی سینەما دانیشتووی و سەیری فیلم دەکەی. چونکە شاشەکە بەدیدی بەکارهێنەرەکەی وەك شاشەیەکی 50 ئینجی دەچێت.

چاویلکە دیجیتالییەکە فیلمەکان بەفۆرماتی MPEG،AVI.RM.FLV،RMVB نیشان دەدات. فایلەکان لەسەر میمۆرییەکی 2 گیگابایتی ناو چاویلکەکە و هەروەها کارت میمۆرییەکی 32 گیگابایتی خەزن بکرێن. جگە لەنیشاندانی وێنە دەکرێت فایلی دەقیش نیشان بدات.





# هەر جارەو وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت بۆ بەکارهێنانی ئەنتەرنێت لەکام لەو پرۆگرامانە سوود وەرگرم، پرۆگرامەکانی وەك Google chrome، inte-net explorer ،firefox ؟

خوێنەری بەڕێز هەرکام لەو پرۆگرامانەی ئاماژەت پێداون، توانا و تایبەتمەندی خۆیان هەیە و هەموویان دەتوانن سایتەکانی ئەنتەرنێت بکەنەوە، ئەگەر مەبەستت ئەوەیە کە کامەیان خێراترە، یان کامەیان لەگەڵ فۆنت و سایتی کوردی بێ گرفتترە، دەکرێ بەکورتی وەڵامت بدەمەوە. لەسەرەتادا چونکە هەرکام لەم پرۆگرامانە بەردەوام لەڕکابەری دان، هەرکامیشیان سەر بەکۆمپانیایەکی گەورەن، دەستنیشانکردنی کامەیان خێراترە تاڕاددەیەك دژوارە، چونکە ڕەنگە ئەم ڤێرژنەی گوگل کرۆم، زۆر خێرا بێ کەچی زۆری ناخایەنێ ڤێرژنێکی نوێی فایرفۆکس دێتە بەرهەم لەو خێراترە. هەروەها بۆ ئەنتەرنێت ئیکسپلۆرێریش هەروایە، بەڵام کۆمپانیای گوگل چونکە بەزۆربەی زمانەکانی جیهان خزمەتگوزاری هەیە، هەربۆیە گوگل کرۆمی بەرهەمی ئەو کۆمپانیایە زیاتر بۆ زمانەکانی وەك عەرەبی و کوردی و فارسی دەگونجێت. فایرفۆکسیش تایبەتمەندییەکی گرنگی هەیە، کە زۆربەی پرۆگرامە یارمەتیدەرەکانی تێدایە و ڕۆژانە چەندین پرۆگرامی یارمەتیدەر بۆ ئەو فایەرفۆکس بەرهەم دێت. ئیننتەرنێت ئیکسپلۆرێریش تایبەتمەندی خۆی هەیە ئەویش چونکە بەرهەمی کۆمپانیای مایکرۆسۆفتە، کۆمپانیای مایکرۆسۆفتیش خاوەنی ویندۆزە، بۆیە ئەو زیاتر لەگەڵ کۆمپیوتەر دەگونجێت...